www.xebat.net
چوار شەممە 2018/5/16 ژمارە (5512)

گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بۆ ئۆرشەلیم نارەزایەتی لێکەوتەوە

لە سنووری غەزە نزیکەی 60 کەس کوژراون و 3 هەزار کەسیش بریندار بوون

سەرۆکی ئەمەریکا بەڵێنەکەی بردەسەر و باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تەلئەبیبەوە گواستەوە بۆ ئورشەلیم، بەڵام ئەو بڕیارە لە لایەن فەلەستینییەکانەوە لە غەزە شتێکی ئاسایی و قبووڵکراو نەبوو، هەر دوابەدوای کردنەوەی باڵیۆزخانەکە، لە نارەزایەتییەکاندا بە سەدان فەلەستینی لە سنووری غەزە کوژران و بریندارکران.رۆژی 2018/5/14 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باڵیۆزخانەکەی لە تەلئەبیبەوە گواستەوە بۆ ئورشەلیم، ئەو بڕیارە بەڵێنێکی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا بوو لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و بەڵێنەکەی بردەسەر. لە بەرامبەردا خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەس لە فەلەستینییەکان لە سنووری غەزە توندوتیژی لێکەوتەوە و نزیکەی 60 کەس کوژراون و زیاتر لە 2 هەزار و 700 کەسیش بریندار بوون. لە یەکەم کاردانەوەکاندا، ریاز مەنسوور، نوێنەری فەلەستین لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها نوێنەری کوەیت، داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشیان کرد بۆ راگرتنی کوژرانی فەلەستینییەکان. لە بەرامبەردا بنیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە کاردانەوەی پێکدادانەکانی غەزە رایگەیاند، هەر وڵاتێک مافی بەرگری لە سنوورەکانی خۆی هەیە و ئەو هەنگاوانەی ئیسرائیلیشی بە پارێزگاریکردن لەخۆ وەسفکرد. هەروەها گوتەبێژی کۆشکی سپی، بزووتنەوەی حەماسی بە هۆکاری ئەو رووداوانە ناوبردووە.

راچ شا گوتەبێژی کۆشکی سپی رایگەیاندووە، بەرپرسیاریەتی ئەو کوژراوانەی تەنیا لە ئەستۆی حەماسە، حەماس بە ئەنقەست ئەو هەنگاوانە دەنێت بۆ ئەوەی هەستی خەڵک بجووڵێنێت. گوتەبێژی کۆشکی سپی هاوکات داوای لە ئیسرائیل کرد دان بەخۆیدا بگرێت. ئیسرائیلیش دەڵێت نزیکەی 40 هەزار کەس لە13 شوێنی جیاجیا لە سنووری غەزە بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان کردووە. فەلەستینییەکان بە بەرد و ئاگر لە بەرامبەر هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل شەڕیان کردووە و هێزە ئیسرائیلییەکانیش گازی فرمێسک ڕێژ و گوللەیان بەکارهێناوە بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران. گوتەبێژێکی وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل، گوتوویەتی هێزەکانمان ئەو کەسانەیان کردووەتە ئامانج کە چالاکی تیرۆریستییان بووە نەک خۆپیشاندەران، خۆپیشاندەرانیش بە گازی فرمێسک ڕێژ بڵاوەیان پێکراوە.

سوپای ئیسرائیل لە ئورشەلیم لە ناوچەکانی سنووری ئوردن، بە گازی فرمێسک ڕێژ خۆپیشاندەران بڵاوەپێدەکات و لە هەندێکاتیشدا گوللەی لاستیکی بەکاردەهێنێت، تەنیا ئەوکاتانە نەبێت کە خۆپیشاندەران هێرشبکەنە سەر سەربازانی ئیسرائیلی. ئەو ناوچانە لەو سنوورەن کە ئیسرائیل بە خاکی خۆی دەزانێت. بەڵام غەزە لەگەڵ خاکی ئیسرائیل هاوسنوورە و هەر جموجوڵێک لەو سنوورەوە لە لایەن ئیسرائیلەوە وەک دووژمنی دەرەکی پێناسەدەکرێت و ئەو مافە بەخۆی دەدات کە هەر توندوتیژییەک بە توندترین شێوە وەڵام بداتەوە. هەر بۆیە ئیسرائیل دەڵێت، ئەوانەی تەقەیان لێکراوە هەوڵیانداوە سنووری وڵاتەکەمان ببەزێنن. وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران و تورکیا بە توندترین شێوە ئەو کردەوانەی ئیسرائیلیان ئیدانەکرد و لە تورکیا سێ ڕۆژ ماتەمینی بۆ قوربانیانی غەزە ڕاگەیێندراوە.

سەرچاوە: رووداو

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا داوا لە باڵیۆزی ئیسرائیل دەکات ئەنقەرە بەجێبهێڵێت

سەرۆکوەزیرانی تورکیا هێرشی توندی کردە سەر ئیسرائیل و داوای لە وڵاتانی ئیسلامی کرد بە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ئیسرائیلدا بچنەوە لە پاش پێکدادانەکانی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، بنیالی یلدرم، دوێنێ سێشەممە گوتی: دەبێ وڵاتانی ئیسلامی بە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ئیسرائیلدا بچنەوە و جیهانی ئیسلامی بێدەنگ نەبێت و هاوسۆزی خۆی بۆ فەلەستینییەکان نیشانبدات لە دژی ئەو ستەمەی ئیسرائیل لە غەززەی دەکات. هەروەها یلدرم گوتیشی: تورکیا لە بەرانبەر ئەو ستەمەی دژی گەلی فەلەستێن دەکرێت، بێدەنگ نابێت و ڕۆژی هەینی خۆپیشاندانێکی گەورە لە ئستەنبوڵ ساز دەکرێت بۆ دەربڕینی هاوسۆزی بۆ فەلەستینییەکان. لە لایەکی دیکەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا ماتەمینی گشتی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند و بڕیاریدا لەو سێ ڕۆژەدا ئالای تورکیا دابگیرێت، ئەمەش وەک هاوسۆزی لەگەڵ فەلەستینییەکاندا. هەروەها ئەردۆغان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە لەندەن گوتی: دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا و نەتەنیاهوی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بەرپرسیارن لە ڕووداوەکانی ڕۆژی دووشەممەی غەززە کە تیایدا دەیان فەلەستینی کوژران. هاوکات ئەنکەرە هەردوو باڵیۆزی خۆی لە واشنتن و تەل ئەڤیڤ بانگهێشتکرد و داوای لە ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی کرد ڕۆژی هەینی کۆبوونەوەیەکی بە پەلە ئەنجام بدات. هاوکات بەگوێرەی ئاژانسی ئەنادۆلۆی تورکی، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، باڵیۆزی ئیسرائیلی لە وڵاتەکەی ئاگادار کردووەتەوە کە خاکی تورکیا بەجێبهێڵێت. راشیگەیاندووە کە دوێنێ سێشەممە باڵیۆزی ئیسرائیل بانگکراوەتە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و بە ڕەسمی نامەی نارەزایەتی پێدراوە بە هۆی کوژرانی زیاتر لە پەنجا هاوولاتی فەلەستینیەوە لە ئاکامی دەستڕێژی سوپای ئیسرائیل لە خۆپیشاندەرە فەلەستینییەکان.

مەراسیمی کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئۆرشەلیم

تەحسین زراری/ ئەنقەرە

ئیسرائیل چ مانایەکی بۆ ئەمەریکا هەیە

یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بوونی ئیسرائیلەوە هەیە، ئەمە هەر لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرئیل لە ساڵی 1948ەوە زۆر بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتیی ئەمەریکا لە ناوچەکە وەستاوە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، لێرەدا ئیسرائیل وەکو دەوڵەتێک لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆ ئەمەریکا وەک هێلی سوور هەژمار دەکرێت، بەو مانایەی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ ئەمەریکا لە خانەی پاراستنی بەرژەوەندی ژیاری و ئامانجی لە پێشینە دادەنرێت، هەر بۆیە هاوکاری و یارمەتیدانی ئیسرائیل بە یەکێک لە خاڵە نەگۆڕەکان دادەنرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، هەر مەترسی و هەڕەشەیەکیش لەسەر ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل بە مەترسی و هەڕەشەی جیدی هەژمار دەکرێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. کەواتە سیاسەتی ئەمەریکا لەناوچەکە لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی بینا کراوە. بەو مانایەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بە بگۆڕی سەرەکی دادەنرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە هەمبەر ناوچەکە.

هاتنی ترەمپ و بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بۆ ئۆرشەلیم

دۆناڵد پرەمپ لە کاتی پروپاگەندی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە 6ی تشرینی 2016 بەر لە هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی ئەمەریکا، یەکێک لە بەڵێنەکانی ترەمپ ئەوە بوو کە ئۆرشەلیم "قودس" وەک پایتەخی دەوڵەتی ئیسرائیل بناسێنێت و باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم "قودس" بگوازێتەوە، ئەگەرچی ئەمە بڕیارێکی نوێ نەبوو لە ئیدارەی ئەمەریکا، بەڵکوو ئەم بڕیارە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە لە ساڵی 1995 دەرکراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەوکات گفتوگۆی جددی لەبارەی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لەئارادابوو، بۆ ئەوەی کێشە لە پرۆسەکە دروست نەبێت، جێبەجێکردنی بڕیارەکە دواخرا. کەواتە بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم، سێ سەرۆک پێش ترەمپ وەکو بڕیار بوونی هەبوو، واتە لە سەردەمی بێل کلینتۆن، جۆرج بۆشی کوڕ و سەردەمی باراک ئۆباما، ئەمە بڕیاری لەسەر دراوبوو، بەڵام نەخرابووە بواری جێبەجێکردنەوەوە. دوای ئەوەی ترەمپ وەک سەرۆک هەڵبژێردرا، بە شێوەیەکی فەرمی لە 6ی کانوونی یەکەمی 2017 بڕیاریدا کە ئۆرشەلیم "قودس" وەک پایتەختی وڵاتی ئیسرائیل بناسێنێت و لە ماوەی 5 بۆ6 مانگدا باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم "قودس" بگوازێتەوە . ئەم بڕیارەی سەرۆکی ئەمەریکا کاردانەوەی ناوچەیی و جیهانی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بە جۆرێک کە بەشی هەرە زۆری وڵاتان لە دژی ئەم بڕیارەی ئیدارەی ئەمەریکا وەستانەوە. بەڵام دژ وەستانەوەی وڵاتی جیهان نەبووە هۆی ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی پرەمپ لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە.

کاردانەوەکان لە بەرانبەر بڕیارەکە

لەگەڵ دەرکردنی بڕیارەکە لە لایەن ترەمپەوە هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە هەمیش لەسەر ئاستی جیهان کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا. بە مەبەستی پاشگەزبوونەوەی ئیدارەی ئەمەریکا لە بڕیارەکە لەسەر پێشنیاری میسر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ئیدارەی ئەمەریکا کرد پاشگەز بێتەوە لە بڕیاری ناساندنی ئۆرشەلیم "قودس" وەک پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم ، بەڵام ئەمەریکا ئەم هەوڵەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڤیتۆ ڕەتکردەوە. ئەگەر ئەم پرۆژەیە جگە لە ئەمەریکا ئەندامانی تری هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەندامانی کاتیەوە پاڵپشتی کرا. دواتر لە 21 کانوونی یەکەمی 2017 ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەبارەی ئەم بڕیارەی ئیدارەی ئەمەریکاوە کۆبوونەوەیەکی سازدا. لە کۆبوونەوەکە لە کۆی 172 دەوڵەت، 128 دەوڵەت لە دژی، 9 دەوڵەت لەپاڵ بڕیارەکە ئیدارەی ئەمەریکا و نوێنەری 35 دەوڵەتیش بێلایەنیان هەڵبژارد. هەر یەکسەر دوای بڕیارەکە ترەمپ ئەوەی ڕاگەیاند کە پێداچوونەوە بە هەڵوێستی خۆیان دەکەن، لەبارەی ئەو دەوڵەتانەی کە دژی ئەم بڕیارە وەستانەوە. ئەم هەڵوێستەی ترەمپ وەک کاردانەوەیەک بوو لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەری کرد بەپێچەوانەی بڕیاری ئیدارەی ئەمەریکا. سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانی و ناوچەکەش خۆپیشاندان و نارەزایی جۆراوجۆر ڕێکخران، پاڵپشتیکردن لە بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ ئیدانەکردنی جێبەجێکردنی بڕیاری ناساندنی ئۆرشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل لە لایەن ئیدارەی ترەمپ و هەروەها گواستنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم.

ترەمپ بەڵێنەکەی جێبەجێکرد

دوای 5 مانگ و نزیکەی دە ڕۆژ لە دەرکردنی بڕیارەکە ڕۆژی 14ی مایس 2018 لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەشێوەیەکی فەرمی مەراسیمی گواستەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم ڕێکخرا و لە مەراسیمەکەدا جگە لە لایەنی ئەمەریکی و ئیسرائیلی بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ نوێنەری 32 دەوڵەتیش بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون. سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ لە پەیامێکی ڤیدۆییدا کە بۆ کردنەوەی مەراسیمەکە ناردبووی، پیرۆزبایی لە گەلی ئیسرائیل کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم مەراسیمە وەک دەستکەوتێکی زۆر گرنگ تۆمار دەکرێت لە مێژوودا و ئەم ڕۆژەشی بە ڕۆژێکی گەورە ناوزەند کرد. هەر لە پەیامەکەیدا جەختی لەوەشکردەوە کە لەمەودوا ئیسرائیلیش وەکو هەر دەوڵەتێکی تر بوو بە خاوەنی پایتەختی فەرمی خۆی، تەواوی پاڵپشتی ئیداری ئەمەریکاشی بۆ ئیسرئیل دووپاتکردەوە لە هەر چەشنە هاوکارییەک کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسرئیل دابێت. هەروەها لە میانەی مەراسیمەکەدا سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ لە بەرامبەر شاندی بەشداربووی ئەمەریکا گوتی: هیچ دۆستێکمان لە ئێوە گەورەتر نییە، ئەم ڕۆژەشی بە ڕۆژێکی گەورە، سەرکەوتن و مێژوویی وەسفکرد.

کردنەوەی مەراسیمی باڵیۆزخانەکە و خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان

لەگەڵ ڕێکخستنی مەراسیمەکە فەلەستینییەکان ڕژانە سەر شەقام بۆ ئیدانەکردن و نارەزایی بەرامبەر بەکردنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە قودس، لە ئەنجامی نارەزایەتییەکاندا بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکان نزیکەی 60 کەس گیانیانلەدەستداوە و زیاتر لە 2 هەزار کەسیش بریندار بوونە. بەم پێیە ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا توندوتیژییەکان لە شارەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەبات. بەو مانایەی قۆناغێکی تر لە توندوتیژی و ململانێ لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دەستپێدەکات. توندوتیژییەکانیش تەنها لەو شارە قەتیس نابنەوە، بەڵکو پەڵدەهاوێت بۆ شارەکانی تر و تەنانەت لەسەر ئاستی ناوچەکەش ئەگەری نارەزایی گەورە و توندوتیژی لێ چاوەڕوان دەکرێت. بەڵام پێناچێت نارەزایەتییەکان بتوانن لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا و ئیسرائیل دەرئەنجامی ئەوتۆی لی بەرهەم بێت. چونکە ئەمەریکا بەبێ گۆێدانە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی جیهان بڕیارەکەی خستە بواری جێبەجێکردنەوەوە. لە هەمان کاتیشدا چاوەڕوانی نارەزایەتی و توندوتیژی لە بەرامبەر ئەم بڕیارە وەک ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو وابوو. بۆیە لە داهاتوودا جگە لە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینی فەلەستینییەکان لە ئۆرشەلیم لەسەر ئاستی دەوڵەتانیش چوەڕواندەکرێت هەڵوێست وەربگرن. بەڵام هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا هەڵوێستەکان زیاتر خۆیان لە ئیدانەکردن و نارەزایی دەربڕین دەبینەوە لەوەی کە بتوانن لە بواری کرداریدا هەنگاو بنێت. ئەمەش کاریگەری ئەوتۆ ناکاتە سەر ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا لە بەرامبەر ئیسرائیل. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەمەریکا زیاتر هاوکاری و پاڵپشتییەکانی بۆ ئیسرائیل پەرەپێیەدات.

*** قوتابی ماستەر-زانکۆی غازی-ئەنقەر.**